# ناسنامەی کەرکوک و نیزاعی نەوت

**(دەربارەی لێدوانەکانی بەرزانی و کاردانەوەکانی)**

**حەمەغەفور**

hamaxafoer@yahoo.com

***ناسنامەو نەوتی کەرکوک!***

بەپێچەوانەی ئەو وێنایەی کە میدیای ئەحزابی کوردی و ڕاگەیاندنی بەکرێگیراویان لە بارەی شاری کەرکوکەوە ئەیدەنبەدەستەوە، گوایا جەنگ و دەعوا لەسەر کوردستانیبوونی ئەم شارەیە،هەروەک چۆن ڕژێمی بەعسی فاشیستیش لەژێر ناوی عەرەبیبوونی کەرکوکدا سیاسەتی تەعریب و تەرحیلی پیادەکردو دیمۆگرافیای شارەکەی گۆڕی،بەڵام ئەسڵی نیزاعەکە لەسەر مەخزوونی نەوتی ئەم شارەیە!بەرزکردنەوەی هەویەی قەومێک و ژێپێخستنی یەکێکیتر لەم شارەدا لەلایەن هەر کەس و لایەنێکەوە بێ،بەواتای هەڵایسانی ئاگری جەنگ و دەعوای نەتەوە جیاوازەکانی ئەم شارەیە. ئەگەر سیاسەتی فاشیستی و نەتەوەپەرستانە ڕێگاچارە بووایە، دانیشتوانی کەرکوکێک کە لەسەر دەریای نەوت دانیشتوون ڕۆژیان بەم حاڵەی ئێستا نەدەگەیشت.لانیکەم دەبووایە خەڵک و هاووڵاتیانی ئەم شارە نەوتییە لە هەموو ڕوویەکەوە لەپێشەوەی شوێنەکانی تری عێراقەوە بوونایە. (ئەمە فەرزێکەو هەرگیز من بڕوام بە ئیمتیازو جیاوازی نییە نەک لەنێوان هاووڵاتیانی شارێکدا،بەڵکو لەنێوان هاووڵاتیانی ووڵاتێکیشدا بە هەر هۆیەکەوە بێت). دەبوو خزمەتگوزاری و ڕێگاوبان و لوولەکێشی غازو نەوت بۆ هەموو تاک و ماڵێکی ئەم شارەو دەوروبەری دابینبکرایە! عەمران و ڕوخساری شارستانی شارەکە دەبوو شانی لە شانی مارسیلیاو سیدنی و ستۆکهۆڵم بدایە! هەر هیچ نەبا دەبووایە خەڵک کاریان دەسکەوتایە! بەڵام چی دەبینین و چی بۆتە نسیبی خەڵکی ئەم شارە! شەرمەزارییە بۆ ئەوانەی موزایەدە بەسەر خەڵکی ئەم شارەوە دەکەن، کەچی بە بەرچاویانەوە دانیشتوانەکەی بە هەزار مەشەقەت بتڵێک غاز چنگدەخەن یاخود شەوانە بەزەحمەت ڕووناکی دەگەیەننە ماڵەکانیان!؟ هەر هیچ نەبێ ناتوانرێ ڕژێمی شارەوانی پەیڕەوبکرێ تیایداو کۆڵان و شەقامەکانی لە زبڵ و پیسی پاکبکرێتەوە!؟ سەرباری ئەمەش دانیشتوانی کەرکوک و لە پێشیانەوە کوردزمانەکەی کراونەتە دەسکەلای سات وسەودای سیاسی. ئاوارە کوردەکانی کە گەڕاونەتەوە شاری کەرکوک تائێستاش لە کەلاوەو حەوشی بینامەتروکەکاندا سەرپەنایان پێکەوەناوە. هەراو زەناو شین و واوەیلا بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140 لەپێناوی نەوتی کەرکوکدایە. خەڵکی کوردستان و کەرکوکیش تەجروبەیانکردووە،نیزاع و دەعوای قەومی لەسەر ناسنامەی شارەکەیان زۆر گران کەوتووە لەسەریان. چەندە عەرەبی ئەم شارە لە پاڵ سیاسەتی فاشیستی ڕژێمی بەعسدا حەساونەتەوە، کوردو نەتەوەکانی دیکەش هەر ئەوەندە لە سای سیاسەتی نەتەوەچێتی کوردی و تورکیدا پشوویەک ئەدەن.با فەرزکەین مادەی 140 جێبەجێکراو ئیتر کاتی ڕاپرسیە بۆ شاری کەرکوک! دانیشتوانی کەرکوک لەو ڕاپرسیەدا چۆن غیرەتبکەن داوابکەن بخرێنەسەر هەرێمی کورستان!؟ لە کاتێکدا دزی و ڕاووڕووت و دوو ئیدارەیی و گەندەڵی هەرێمەکەی کردۆتە فیرعەونستان بۆ دەسەڵاتداران و دەسەودایەرەیان لەلایەکەوە،لەلایەکەی دیکەشەوە بۆ هاووڵاتیانی بۆتە دۆزەێک کە توێژی گەنج و لاو بە کۆمەڵ ووڵات بەجێدێڵن. بەڵام با سەیرێکی نەخشەی سیاسی عێراقیش بکەین. بزانین بۆچی ئەحزابی کوردی

له دژی ئیرادەو خواستی خەڵکی کوردستان ڕاوەستاون و بە هەر بەهایەک بووە دەیانەوێ کوردستان بلکێننەوە بە عێراقەوە! بزانین مادەی 140 لە فەلسەفەی سیاسەتی ناسیونالیزمی کوردی دوای ڕژێمی بەعس چی دەگەیەنێت!هەڕەشەکانی بەرزانی هەم بۆ ئیستیهلاکە یاخود لە ناچاریدایە؟ دواتر دێمەسەری. فەرمون لەگەڵمدا؛

***مادەی 140 هەق یا هودنە!***

بەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسدا باڵانسێکی کاتی و دیاریکراو لەژێر سایەی دەسەڵاتی میلیتاریستی ئەمریکاو هاوپەیمانانیدا پێکهات لە ناوبەینی هێزە قەومی و دینی و تائیفییەکانی عێراقدا.تیایدا وەکو دڵڕازیکردنێکی کاتی ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردی، یا درووسترە بڵێین لە پێناوی خەفەکردنی نیزاع لەسەر گەنجینەی نەوتی شاری کەرکوک، مادەی 58 لە قانونی ئیدارەی دەوڵەت بۆ مەرحەلەی ئینتیقالی وەکو ڕێکەوتنێکی سەرەتایی و لە ڕاستیدا وەکو هودنەیەکیش لەنێوان ئەم لایەنانەدا مۆرکرا.دواتریش بەشوێن سازدانی گاڵتەجاڕی ڕاپرسی لەسەر دەستوری عێراقی، لە درێژەی هەمان مەبەستدا مادەی 58 بەشێوەی فۆرمۆڵەی مادەی 140 لەدەستووری عێراقیدا جێگیرکرا.هەرچەند بڕیاروابوو ناوەرۆکی مادەی 140 هەتا کۆتایی ئەمساڵ بە تەواوی جێبەجێبکرایە– دیارە تەنها ئەحزابی کوردی بە دیار خەوێکی ئاواوە دانیشتبوون–بەڵام هەتا ئەم ساتەش هەر مەرەکەبی سەر کاغەزەو سەرەڕای تەنەزولاتی بەرچاو لەلایەن تەحالوفی کوردیەوە دەرهەق بە گۆڕانکاری لەو مادەیەدا،کەچی دەبینین نوری مالکی دوای ئیمزاکردنی مادەکەش بە ئاشکرا خۆی لە جێبەجێکردنی دەدزێتەوە.دەسیدەسیکردن بە هاوپەیمانی کوردی و بە لیژنەی بەدواداچوونی مادەی 140جامی سەبری یەکێتی و پارتی پڕکردووەو لەبەردەم ڕای گشتی خەڵکی کوردستانیشدا ئیحراجیکردوون.

بەڵام ڕاستیەکانی پشتی سیاسەتی ئەحزابی کوردی دەربارەی شاری کەرکوک و سات و سەوداکانیان،کە خۆی لە ماناو ناوەرۆکی دەقی مادەی 140و ئەگەرو نەگەری پراتیکبوونی لە ئەرزی واقعدا نیشاندەدات، هێندەی دەگەڕێتەوە سەر کوردستانیبوونی شاری کەرکوک،جگە لە ڕووپۆشێک بۆ شاردنەوەی ئامانجی تایبەتی یەکێتی و پارتی و دانی مۆری قەومی لە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان، لە تەحەدایەکی سیاسی بێبناغەو سەرەڕۆیانەی ناسیونالیزمی کورد بەولاوەتر نییە بۆ دەسگرتن بەسەر زێڕی ڕەشی ئەم شارەدا. سنگدەرپەڕاندنی نامەسئولانەی ناسیونالیزمی کورد،وەک لە لێدوانەکانی ئەم ڕۆژانەی مەسعود بەرزانیدا دەرکەوت،کە دەرەنجامی بێئومێدبوونی تەواوی هاوپەیمانی کوردستانییە لە پەیوەند بە جێبەجێبوونی مادەی 140ەوە لەلایەن دەسەڵات و حکومەتی مالکیەوە، نەک هەر لە جێیخۆیدا نییە بەڵکو لەلایەک بۆتەهۆی سەرهەڵدان و نانەوەی ئاشوبێکی کارەساتبار بۆ خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان– هەڕەشەکانی سەرانی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا لە زمانی (گۆل و ئەردۆغانەوە) بۆ وەڵامدانەوەی لێدوانەکانی بەرزانی وەکو نموونە– لەولای تریشەوە قەیرانی مەئساوی کۆمەڵگای عێراق،کە لە حەقیقەتدا گۆڕاوە بۆکابووسێکی واقعی، قووڵتردەکاتەوە.تەسریحاتەکانی بەرزانی و بارودۆخی دەردناکی شاری کەرکوک و ئەو ناوچانەی تر کە بوونەتە شوێنی نیزاعی کوردو عەرەب،نیشانەی سەرهەڵدان و هاتنەپێشەوەی شەڕو دەعوایەکی قەومی خوێناویە لە شاری کەرکوکدا. دیاردەی دزێو و خەتەرناکی تەسفیە لەسەر ناسنامەی قەومی هەر لە ئێستاوە لە کارە تیرۆریستیە ڕۆژانەکان و ئینسان ڕفاندنەکانەوە بەڕوونی بەدیدەکرێ لە ناوچەی کەرکوک و هێڵی نێوان کەرکوک– بەغداو موسڵ و خانەقین و باقوبەو شوێنەکانی دیکە.

هەفتەی ڕابردوو سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە کێشە لەسەر ئەسڵی ئەو مادەیەو لە بەرامبەر تەنەزولاتی هاوپەیمانی کوردی لە هەمبەر مادەی 140دا، نوری مالکی ئیمزای خۆی دا لە بڕیاری جێبەجێکردنی. ئەوە بوو هێشتا هەراوزەنای پارتی و یەکێتی سەبارەت بە هەواڵی سەرکەوتنیان بۆ جێبەجێبوونی ئەو مادەیە نەبڕابۆوە، (بەرهەم سالح و فوئاد مەعسوم) هاواریان لێهەستاو ڕایانگەیاند کە مالکی بڕیاری جێبەجێکردنی مادەی 140ی ڕەوانەی سەرۆکایەتی کۆماری و ئەنجوومەنی نوێنەران کردووە بۆ پەسەندکردنی.ململانێی سەر ئەم مادەیە چەندین جار لەناو ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی عێراقیدا گەیشتۆتە ئاستی هەڕەشەی هەڵوەشانەوەی حکومەتی عێراق، وەکو حاڵی حازر دەبینرێ لە نێوان ئیئتیلافی شیعەو نوری مالکی و تەحالوفی کوردستانیدا. حکومەتێک لیستی سەدری بە 30کورسی پەرلەمانیەوە هەڕەشەی ئینسیحابی لێبکات، لیستی هاوپەیمانی کوردیش بەم وەزعەوە بە 25 کورسیەوەو لیستی سونەکانیش بابوەستێ، دەبێ چۆن وەڵامی باری ئەمنی بداتەوە!

***ڕۆحی ئەریستۆکراتی لە فەلسەفەی ناسیونالیزمی کوردیدا!***

سیاسەتی ناسیونالیزمی کوردی لەسەر دوو پایەی لەرزۆک داڕێژراوە، یەکەمیان خۆگرێدانەوەی کوێرانەی ئەم بزووتنەوەیە بە تاکتیکی ئەمریکاوە لە عێراقدا.پاش ڕاپۆرتی بەیکەر– هاملتۆن ئیستراتیژی ئەمریکا چۆتە ژێر کۆنترۆڵ و چاوپیاخشاندنەوەوەو دوو حیزبی سەرەکی ئەمریکی (کۆماری و دیموکرات) سەرقاڵی قەرەبووکردنەوەی شکستی ستراتیژی بۆشن لە عێراقداو بەشوێن ڕێگای دەربازبووندا دەگەڕێن بۆ دەرچوون لە گێژاوی عێراق، دووهەمیشیان جیایی و دووری بزوتنەوەی کوردایەتی لە مەسەلە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگای کوردستان لە چەشنی جیایی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە.ئەمەش بە واتای گوێنەدانی سەرانی ئەم بزووتنەوەیە بە چارەنووس و ئاییندەی ئەم خەڵکەو لە واقعدا دژایەتیکردنی ئاشکرای خواستی سەربەخۆییەو بڕوانەبونیانە بە ئیرادەی جەماوەریی و بێحورمەتیکردنە بە ئومێدو ئاواتی خەڵکی مەزڵومی کوردستان. لە یەک ووشەدا بزووتنەوەی کوردایەتی بەپێی مەنتیقی خۆی ناتوانێ لە بازنەی جەوهەری ئەریستۆکراتی و سیاسی و چینایەتیەی خۆی دوورکەوێتەوە. جەوهەرێک کە وەکو مێژووی تا ئێستای نیشانیداوە،لە ئەساسدا بۆ وەڵامدانەوە بە مەرامی چین و توێژە ئەریستۆکراتەکانی کورد پێکهاتووە.ئامانج و مەرامی کوێخاو شێخ و بەگ و سالارو سەرۆک خێڵی ئەم دەڤەرەی نوێنەرایەتیکردووە. مەرامێک کە ئەوان تیایدا دەمسپی و هەمەکارەبن و خەڵکیش ڕەعیەتی ئەوانبن،هەمووش پێکەوە شوێنکەوتەو گوێلەمستی هێزو دەوڵەتانی جیهان و ناوچەکەش بمێننەوە. تەنها پێشڕەوی و گەشەیەک کە مێژووی ئەم بزووتنەوەیە تائێستا بەخۆیەوە بینیبێت(لە ڕاستیدا گۆڕانی کیسەڵی ژێر سایەی ئیستیعمارو ژیانکردنە لە کەلێنی نێوان نیزاع و کێشەی دەوڵەتانی ناوچەکەدا) توانەوەی جەبری هەموو ئەو دیاردە کۆن و بەسەرچووانەی لای سەرەوەیە لەناو قەهری زەمانەداو سەردەرهێنانەوەی دووبارەیانە لە شکڵی بزووتنەوەی کوردایەتیدا.کوردایەتی پێناسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی مەیل و مەرامی ئەریستۆکراسی کۆن و نوێی کوردیە. دوو دیاردەی بەرچاوی بزووتنەوەی کوردایەتی حەقیقەتی ئەم قسانە دەسەلمێنێ،یەکەم؛ سەیرکردنی خەڵک و جەماوەری کوردستان وەکو "مسکێن و ڕەعیەت" نەک وەکو هاووڵاتی و ئینسانی ئازادو سەربەخۆ، دووهەم؛ ڕەنگدانەوەو بەرجەستەبوونی نیزاعی خێڵەکی لە ناو وجودی دوو حیزبی ناسیونال– عەشیرەیی گەورەی کوردیدا(پارتی و یەکێتی)،بە جۆرێک کە تا ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدار بن ئەم تەناقوزەی کۆمەڵگای کوردی(ئاغاو ڕەعیەت)درێژەدەدات بەژیانی خۆی. پارتی و یەکێتی بەڕادەیەک بوونەتە سەنتێزی کریستاڵیزەبوونی ئەم گۆڕانە کیسەڵییەی کۆمەڵگای کوردی،کە تا ئێستاش سەرەڕای هەر ئیدیعایەکی

سۆشیال–دیموکراتبوون و تەجروبەی بێوێنەی دیموکراتی کوردستان، بوونەتە ئامرازی حیزبی و سیاسی لەباری دەستی چینی سەرمایەدارو دەوڵەمەندو گەندەڵخۆری نوێی کوردستان و زیاتر لە هەر کاتێکی تر خۆیانیان تێدا ڕێکخراوکردووە. هەمیشەش وەکو دوو دەستە لە خێڵ و قەبیلەی خوێنەخۆری سەری یەکتر لە کەمیندان لە دژی یەکتر، جگە لە شەڕی ناوخۆیان هەڵوێستی ئەم دواییەی تاڵەبانی لەمەڕ لێدوانەکانی بەرزانی ئەم ڕاستیە نیشانئەداو بێبەریبوونی خۆی لەو هەڵوێستەی بەرزانی بە ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا ڕاگەیاندو ئیعتیزاریشی هێنایەوە. بەرزانی و تاڵەبانی نموونەی ناوازەی ڕۆحی ئەریستۆکراتی دووبارە هەڵتۆقیوی کوردین کە دەمارگیری قەومی و نەعرەتەی نەتەوەپەرستی فەلسەفەی سیاسی و ئیستراتیژی بوون و نەبوون و ئامانجی هاوبەشیانە.

### *تەوەهوم بە کوردایەتی!*

بەمپێیە ناسیونالیزمی کوردو حیزبەکانی نانی خۆشباوەڕییەک دەخۆن و لەسەریەوە نوقومی دەسەڵات و سەروەت و کۆشک و ڤێللاو سەرەڕۆیش بوون، کە خەڵکی کوردستان بە سیاسەت و سات و سەودای ئەم بزووتنەیە هەیانەو گێژیکردوون.شوێنکەوتنی نەخشەو بەرنامەی ئەم حیزبانە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە تەجروبەی تاڵ و گرانبەهای دەرهاویشتووە.مهمترینیان دوای 80ساڵ بەزۆر لکاندنی کوردستان بە عێراقەوەو پاش دەیان ساڵ لە چەوسانەوەو پلەدوویی، تەنیا دەرفەتێک کە هاتۆتەبەرەوە بەدوای نەمانی ڕژێمی بەعسدا ئەم 16ساڵە بوو کە ئەوان تیایدا دەسەڵاتدارن، کەلایەزالیش درێژەی هەیە ئەو دەرفەتە، کەچی لە پێناوی ئامانجی تەسکی حیزبی و عەشیرەییدا خەریکن بەتەواوی لەدەستیئەدەن و کوردستان دەلکێننەوە بە عێراقی عروبی– ئیسلامییەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە بە داخەوە کۆمەڵگای عێراق نوقومی جەنگی تائیفی و داگیرکارییەو خواستی سەربەخۆییش سەرتاپاگیرەو هەموو خەڵکی کوردستان بەئاواتەوەیە بۆی. بۆیە خەڵکی کوردستان بە هەق ئەگەر ئەیانەوێ کۆتایی بە چارەنووسی هەڵواسراویان بهێنن، ئەگەر دەیانەوێ لە ڕیفراندۆمێکدا خەڵکی کەرکوک بە سەری بەرزەوەو بە ئیفتیخارو خۆشحاڵیەوە داوابکەن بخرێنە سەر کوردستان و لەوێشەوە بە گوێرەی یاسا نێودەوڵەتیەکان مەسەلەی نەوتەکەشی یەکلابکرێتەوە، دەبێ کوردستان لە عێراق جیابێتەوە. ئەم کارەش لەڕێگای ڕیفراندۆمێکی ئازادەوە شەرعیەتی خۆی بەدەسدێنێ.ئەمە خواستی ملیۆنی خەڵکی کوردستانەو بەدیلی کۆمۆنیزمی کرێکاریە بۆ مەسەلەی کورد لە عێراقدا. تەنها ڕێگایەکیشە کە دەستی هەر بەرپرسێکی نامەسئول دەبەستێتەوە کە نەتوانێ بەگوێرەی بەرژەوەندی عەشیرەت یا حیزبەکەی لێدوانی شەڕەنگێزانە بدات و کوردستان و چارەنووسی خەڵکەکەی بکاتە کایەی سیاسی دەستی خۆی و بەرەوڕووی خەتەری کارەساتی بکاتەوە. بەر لە هەر شتێک دەبێ ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان سازبکرێ. جیابوونەوەی کوردستان لە ڕیفراندۆمێکی وادا ئیستقرارو ئەمن و ئارامی تەواو بۆ کوردستان زامندەکات بەشێوەیەکی شارستانی و لەژێر چاودێری کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، نەک لەڕێگەی مناوەرەی سیاسی پشتی پەردەوە، دەرگایەکی فراوانیش بەڕووی کۆتاییهاتنی تەنگژەی ئێستای عێراقدا دەکاتەوە.

2007/4/12